زانیاری زۆریان بەسەر کۆدەکەنەوە، لە رابردووی دەکۆڵنەوە، ئینجا بڕیاری خۆیان دەدەن. بەو شێوەیە لە ساڵی 2003 دا ئەو ئەنجوومەنە هەزار کەسی کاندیکراویان دوورخستەوە زۆربەیان لە کەسانی ریفۆرمخوازبوون، ئەوەش بە فەرمانی رابەری شۆرشی ئیسلامی بووە، ئەو کارەش زۆر بە نهێنی کراوە .

لەناو توێژی پارێزگاران دەرچوونی سەرۆک خاتمی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1997 زۆر سەرسورهێنەرو چاوەروواننەکراوبوو، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ریفۆرمخوازانیش لە ساڵی 2000یش تازەو سەیربوو، هەروەها دەنگنەدانەکەی ساڵی 2003 و دەرچوونی کەسایەتی شیعە و پارێزگاریش ئەحمەدی نەژادیش لەبەرنامەو هزرا نەبوو. لە راستی ئەو پیاوە لەلایەن هیچ کەسێکەوە باش نەبوو، دەرچوونەکەشی بە پشتیوانی راستوخۆی رابەری شۆرشی ئیسلامی بووە، سەبارەت بە توێژی ناوکە ڕەقەکەی رژێمیش لە دوا رۆژەکانی قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنا بۆچوونی خۆی گۆڕی، چونکە تێگەیشت هەلمەتەکەی بۆ کەسی کاندیدکراوەکەیان هەرەسی هێناوە، بۆیە ئەسپیەکەیان گۆڕی . بەو شێوازە ئەحمدی نەژاد کەوتە خولی دووەم، کەوتە بەرامبەر کەسایەتیەکی وەک رەفسنجانی ئەوەی دووجار حکومی ئێرانی کردووەو خاوەن دەستەڵات و گوشارو پشتیوانیش بوو. ئەحمدی نەژاد وەک نوێنەری زەحمەتکێشان و هەژاران و قوربانیانی گەندەلی و نەزانین و پەراوێزکراوەکان لەو هەڵبژاردنە خۆی ناساند، بووە پشتیوانی ئەوانە، بەو بەرنامەیە سەعات بەدوای سەعات جەماوەری زۆرتر دەبوو، هەفتەی نێوان خولەکە کەسایەتی ئەو گەیشتە لوتکەو جەماوەری لە پەرەسەندانەبوو تا ئەنجامەکەی وەک سەرۆکی ولات دەنگی زۆرینەی هێنا، بە شەش ملێون دەنگ لە رەفسنجانی بردەوە .

تاکە کەسێک لەو بازارەدا دەستەڵاتی بە سەر هیچ داناشێکت، دەستەگەری کاری دەڕوات و بڕیاری ئەو بازارە دەدات، ئەو خێزانەی خاوەنی ئەو بازارەن، ئەوان دەتوانن کێشەکانی ئەو بازارە چارەسەر بکەن وئەوانیش دەتوانن پێشانگەی جەژنەکان دابنێن. لە ئێران شەقامەکانی بازار هەموو لە گۆرەپانی مزگەوتی گەورەی پاشا دەکاتەوە. جاران بە بڕینی شەقامەکەلە گۆشەی گوڵستانی بارەگای کاجار دەگەیشتیتە کۆڵانەکانی ئەو بازارە، بەڵام ئێستا ئەو ریگایە دوورکەوتیتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو بنەماڵەی پەهلەوی هەموو شتیان رووخاند تا جەرگەی کۆمەڵگاکەیان لەبەر ساڵۆنی شاهانەیان بەدەستەوە بمینێت .

رووبەری ئەو بازارە چوار کم2 و چەندین دەروازەی هەیە، ئەوەی بچێتە ئەو بازارە دەبێ پێڵاوەکانی داکەنێت، تا ئیمرۆش ئەو عەرەبانە بەدار دروستکراوانە لەو بازارەدا هاتوچۆیانە، جاورباریش ماتۆرێک یان لۆرییەکی بارهەڵگر پێش کردنەوەی بازارەکە لە شەقامە بەرینەکانیدا دەبینێرێت. لە کۆڵانە باریکەکانی و گۆرەپانەکانی ژوورەوەی جیهانێکی تازەو سەیر دێتە بەرچاو، زۆر لە باڵەخانەکان چەند نهۆمن، مەرمەری رەنگین دیوارەکانی نەخشاندووە، دەرگە گەورەکانیش دیمەنی جوانیان هەیە، شوێنی نوێژو مزگەوتی زۆری هەیە، لەو بازارەدا کەنیسەیەک ماوەتەوەو گۆڕی چەند

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێرانی بێت یان مێوانێکی پەناهەندەی ئەفغانیش بێت. ئەو دەستەیە کارو فەرمانیان زۆرە، ئەوانە دیارییەکان کۆدەکەنەوە، مێوانەکان لە کۆنەوە فێربوون دیاری نازدار پێشکەش بەو مەزارە دەکەن، کۆکردنەوەی بەردەوامی پارەکان ئەو شارەی زۆر دەوڵەمەندکردووە، ئەو دەزگایە دەکرێ بوترێت پایەدارترو دەوڵەمەندترین دەزگا بێت لە هەموو ئێران و جیهانیش. لەو شارە یەک ملێون کەسەدا ئەو دەزگایە موڵکی زۆری بەناوە، باڵەخانەو کارگەی پیشەسازی و بەرهەمهێنەری زۆریان هەیە، لە زۆر بواردا دەست و سەرمایەیان لەناو ئێران و لە دەرەوەش هەیە، ناتوانێت مەزندەی سەرمایەو دەستکەوتی ئەو دەزگایە سەرپەرشتیکارە بکات، ئەوەی دەستیان دەکەوێت لای خۆیانەو کۆیدەکەنەوەو ئەوانیش دەستەڵاتی هەڵگرتن و بەکارهێنانیان هەیەو باجیش نادەنە حکومەت .
کۆمەڵەی خەیرییەکان نوێنەریان ژیانی حوسین و رۆژانەو خەباتەکەی و شێوەی شەهیدبوونەکەشی نمایش دەکەن، مێوانەکانیش بە پەرۆشەوە چاوی لێدەکەن. ئارسور دو گوبینۆی دبلۆمات لە ئێران لە ماوەی سەدەی پازدەهەمدا ژیاننامەکەی لەناو کتێبەکەی ( سێ ساڵەکەی ئەسپانیام ( دا کێشاوە .

**به پێچەوانەی عیراق و هیند :**

ئەو کۆمەڵە خەیریانەی ناو ئێران هەموو مەراسیمەکانی یادی حوسین بە جوانی رێکدەخات، بەرنامەی جوان و شارستانی ئەوان رووی باشی بە خۆرئاواییەکان نیشاندا، ئەوانەی لە عیراق و هیند روو دەدات لە ئێران ناکرێت، لەو وڵاتە لەو رۆژانەدا خوێن نارژێت، لەسەردەمی شادا ئەو خوێنرشتنە نەماو قەدەغەکرا، کە شۆرشی ئیسلامیش بەرقراربوو ئەو مەسەلەیە وەک خۆی مایەوە، خوێن رشتن و توندوتیژەییەکانی بۆ شەهیدبوونی حوسین نەما .
لە رۆژی عاشوردا گەورەترین و شکۆدارترین رێورەسم بۆ یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسین دەکرێت، هەموو کەس رەشپۆشە، شکۆدارترین رووداوی ئەو یادە لە بازاری تارانی گەورە دەبێت، شوێنەکە لە شەقامە سەرەکییەکانی شار دوور نی یە، لەوێ خیوەتی گەورە هەڵدەدرێت، خیوەتەکە شێوەی ئەو خێوەتەیە کاتی خۆی ئیمام حوسین هەڵیداوە، کردنەوەی ئاگرەکەش نیشانەی دەستپێکردنی شەرەکەیە .
لە کۆڵانە تەسک و بەرتەنگەکاندا پیشەوەران جۆرەها خیوەتی تایبەتی هەڵدەدەن، خیوەتەکان بەیەکەوەن تا دەگاتە سەنتەرەکە، هاوتەریب دەنگی گریان دێت، دەستیان دەجولێتەوە، لە سینگیان دەدەن، رەوشەکە بۆنی ئاژاوەی پێوەیە. چەند بەرەو دەروازەی سەنتەرەکە دەچیت ئاپوورەکە زۆرترەو یادەکە گەرمترو رەشترو قەرەباڵغترە، لەناو ئەو هەزارەها کەسە چەند سوار ئەسپێک و حوشترەوانێک دیارن، ئەوانەش نمایشی شەرەکان دەکەن، دیمەنە کوشندەکەی شەرەکان دەهێنەوە پێش چاوان تا زۆرتر گریان و سۆز بخولقێنن. لەناو ئەو رووبەرە رەشەدا چەند سپیپۆش دیارن، منداڵن و بەرگی پاکی و هیواو رەمزی قوربانیش ئامادەیە، سپیپۆشەکان هەموو رووپۆشن .

**خواردنی خۆرایی :**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

